# کاریگەریی بارودۆخی کوردستان لەسەر هونەری شانۆ


**ئەو بارودۆخەی ئێستا کوردستان پێیدا تێپەڕ دەبێت لە قەیرانی ئابووری کە بە هۆی نەناردنی بودجەوە رووی لە کوردستان کردووە و دواتریش شەڕی نەگریس و نەخوازراوی تیرۆریستانی داعش کاریگەریی نەرێنی لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان کردووە، هونەری شانۆش یەکێکە لەو بوارانەی کە زۆرترین زیانی بەرکەوتووە و کاریگەرییەکانی بە ئاشکرا بەسەر ئەم بوارەوە دیارە، چونکە نمایشەکان ئێستا دەگمەن بوون و فیستیڤاڵەکانیش وەستاون، سەبارەت بەم پرسە بە پێویستمان زانی چەند شارەزایەکی ئەم بوارە بدوێنین.**



**مامۆستا ئەرسەلان دەروێش بەشێوەیەکی قوڵ باس لە بنەچەی ئەم قەیرانە و کاریگەرییەکانی دەکات و دەڵێ:**

دەبێت لە خۆمان بپرسین (تاك) لەکۆمەڵگەی ئێمەدا چی لە دەست داوەو چی پێویستە؟؟ بۆ ئەوەی وەڵامێکی رۆشنی ئەم پرسیارە بدەینەوە،دەبێت لەدەستپێکدا هەڵسەنگاندنی رەوشی ژیاریی کۆمەڵگەی کوردی بکەینە پێوەر،چونکە هونەر دەرهاوێشتەی ئاستی پێشکەوتن و شارستانی هەر کۆمەڵگەیەکەو لە هەمان کاتیشدا ئاوێنەو بەرجەستەی ئایندەیەتی. بە بۆ چوونی من پێش ئەوەی کەرەستەکانی بەگژداچوونەوە و رکابەرایەتی (داعش)و دوژمنانی دیکەی نەتەوەو نیشتیمان تاوتوێ بکەین، یان لە ناکۆکییەکانی نێو ماڵی کورد ورد ببینەوەو ئەگەرەکانی ئایندەی ئەم ئەزموون و هەرێمەو خەونی سەربەخۆیی راڤە بکەین ولێی رابمێنین، یان هۆکارەکانی درووستبوون و تەشەنەکردنی دیاردەی (گەندەڵی) وەك نەخۆشییەکی کوشندە لە جەستەو جومگەکانی ئەم حکومەت و وڵاتە دەستنیشان بکەین، پێویستە لە خەمی لەدەستدانی بنەماو بەها مۆراڵیەکانی (تاك)دا بین، چونکە ئەوە تاکە( کۆ ) پێکدەهێنێت و ئاراستەی دەکات.
بێگومان (کۆ..)واتا (خێزان. خوێندنگە، فەرمانگە، مزگەوت و کڵێسا و پەرستگەکان، دەزگا جۆراوجۆرەکان،

خانمە ئەکتەری بواری شانۆ مامۆستا فرمێسك مستەفا: کە جگە لە کارە هونەرییەکەی خاوەن چەندین وتار و بابەتی هونەرییە بەم شێوەیە باس لەم قەیرانە دەکات: ژینگە و بارودۆخی ئیستاکەی کوردستان لە ساتەوەختێکی زۆر دژوار وتەنگژەدایە، تەنیا ئیرادە نەبێت کە لە شەپۆلێکی بەهێزدایە و هیچ بەربەستێك ناناسێت ئیرادەی پێشمەرگە قارەمانەکانمانە. بێ لەوەی لەهەندێ کایەی خزمەتگوزاری و پەروەردە و پێگەیاند، تا ڕادەیەك لە جموجۆڵ و بە بەردەوامیدان،و ئومێدێکمان بۆ جێدەهێڵن. وەلێ بوارەکانی کەلتووری هونەری، سستییەکی بەرفراوانی تێدا بەدی دەکرێت. هونەر لە ئێستاکەدا شوناسێکی دیاریکراوی بۆ خۆی نەخوڵقاندووە، تا سبەی وەك سەروەری و مێژوویەك باسی لێ بکات.
هونەر بە ئاوێنەی چەرخی خۆی دەبینرێت، ئێستاکە ئەو ئاوێنەیە بە شکاوی و پارچە پارچەکراوی لێرە و لەوێ پەرش و بڵاوبۆتەوە. ئەم پارچانە کۆ ناکرێنەوە و لێکنادرێتەوە تا تاکی کۆمەڵگە سیما و ئازار و ئەندێشەکانی خۆی تێدا ببینێت.
لەگەڵ ئەوەی ئێستاکە، هەستیارتیرن قۆناخە کە میللەت چاوەڕێی نوێ بوونەوە دەکات لە کاری هونەریدا. وەك ئەوەی لە هەموو قۆناخ و گۆڕانکارییە یەك بەدوای یەکەکانی ئەورووپاو ئەمریکا بەدی دەکرێت، کە لەسەر دەستی چەندین هونەرمەند و فەیلەسوف و رۆشنبیراندا، وەرچەرخانیان بە خۆوە دی. بە بەدیهێنانی چەندین



**مامۆستا کامران رەئوف بەم شێوەیە رای خۆی دەربڕی:** بە نموونەیەك پێشەکی پرسیارەکەی بەرێزتان وەڵام دەدەمەوە، لە جەنگی دووەمی جیهانی کە سوپای ئەڵمان ئابلۆقەی لینینگرادیاندابوو رۆژانە بە هەزاران بۆمب رەوانەی ئەو شارە دەکرا. شانۆکارانی ئەو شارە سووربوون لە بەردەوامبونیان لە پێشکەشکردنی شانۆگەرییەك بەو هۆکارەی کە هێرشی ئەڵمان بەو مەبەستەیە کە ئەو هونەرمەندانە نچار بکرێن نمایشی ئەو شانۆگەرییە بوەستێنن،بەڵام ئێمە تەحەددای ئەڵمان دەکەین و نمایشەکەمان ناوەستێنین.من زۆر بەداخم لەم خەمساردییەی حکومەتەکانمان ناگەم، بۆ خەمساردن، بۆ پلانیان نییە بۆ لایەنێکی گرنگی نەتەوەکەمان کەچی وڵاتانی دنیا هەیە شانازی بە هونەر و بوارەکانی فەرهەنگ و کەلتوور دەدەن تەنها ئێمە نەبێت، ئێمەی کورد نەبێت مەبەستم لە سیاسییەکانمانە ئاستی بەرزی هونەر مانای زیندوێتی ئەو میللەتەیە .



**خانمە ئەکتەر مەروا محەمەد** : سەبارەت بەم تەوەرە وتی: هیوادارم ئەم بارودۆخە بەو شێوەیە بەردەوام نەبێت، چونکە بە شێوەیەکی ئاشکرا کاری کردۆتە سەر هەموو بوارەکانی ژیان و ئەگەر ئاواش بێت ئەوا هونەری کوردی بەرەو قەیرانێکی قورس دەڕوات، بۆیە پێویستە هەر یەکێکمان وەکو ئەرکێك کاری خۆمان بکەین و گوێ بە هیچ شتێك نەدەین بۆ ئەوەی کارە هونەرییەکانمان بەردەوام بێت و وانەبێت هونەرمەند خۆی بە هیچ لایەنێك ببەستێتەوە، چونکە ئەمە کاری هونەرمەند نییە، بەڵکو کاری ئێمە ئەوەیە لەو قەیرانەی ئێستا هەموومان پێکەوە کارێك بکەین بۆ وڵاتەکەمان.

میدیا، رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، حزبەکان..تاد)، بۆیە دەبێت وەك هونەرمەندان لە خۆمان بپرسین (تاك) لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چی لە دەست داوەو چی پێویستە؟؟

بۆ ئەوەی بزانین چی پێشکەش بکەین و چۆن پێشکەشی بکەین؟!

بەدرێژایی دەیان ساڵی دووژمنکاریی، گرتن، کوشتن، جینۆسایدکردن و ئەنفالکردن، دوژمن نەیتوانی ئارای بوونی (ناسنامەی نەتەوەیی و فەرهەنگیی)و یارای (خەون و هیوا) لە هزرو دەروون و بڕوای تاکی کورد داماڵێت و بیرووخێنێت.. ئەوەش دەیسەلمێنێت کە مرۆڤی کورد مەزن و بەهێزو خۆڕاگرە، لە ئێستاشدا ئەوەتا لەگەڵ هەموو دژواریەکاندا دەستی لەسەر زامەکانی تووند کردووە و قارەمانانە خۆڕاگرییەکی بێ هاوتا لە بەرانبەر بە دووژمنی سەر مەرزەکان ودوژمنانی تری ناو عێراق و سەختییە ئابووری و سیاسییەکانی ژیانی ناو ئەم هەرێمە دەنوێنێت، تەنانەت ئەو لێشاوی کۆچەی ئێستا لە ئارادایە بێ هیوایی نییە لە کوردستان، بەڵکو پەستی و تووڕەبوونە لە حزبە بەڕێوەبەرەکانی، توورەبوونە سەبارەت بە لەدەستدانی زۆرێك لە بەها مۆڕاڵییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە کە بنچینەکانی ژیانی ئێمەی پێوە بەندە. بۆیە هەر بەرهەم و هەوڵ وکارکردنێکی سەرپێیی و رواڵەتی، ناکرێت هەڵکۆڵینێکی کاراو بایەخداری هەبێت لەسەر ژیانمان ئەگەر کار لەسەر گەڕانەوەی ئەو قاعیدە ئەخلاقییانە نەکات کە لە ئێستادا رووەو لەناوچوونە و هۆکاری هەموو نەهامەتییەکانی ژیانمانە...بەڵام تۆ بڵێیت کێ( سپۆنسەریی!) بەرهەمی بەو ئاراستەیە بکات..کێ لە خەمی پشتیوانی کردن و هاندانی هونەرمەندان و داهێنەرانی کوردستانە لەم پێناوەدا؟





# دایکی بریانکا شەرمەزاری کرد

ماوەیەکە ئەستێرەی سینەمایی هۆلیۆد و بۆلیۆد و شاجوانی پێشووتری جیهان بریانکا شوبرا دەستی بە هەڵمەتێکی پروپاگەندەی بەرفراوان کردووە بۆ زنجیرە نوێیەکەی کە بە ناوی ( کوانتیکۆ )یە بۆ ئەم مەبەستەش بە یاوەری چەند هونەرمەندێکی دیکەی بەشداریی زنجیرەکە و چەند هاوڕێیەکی زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمریکا گەڕاوە.

هەر لە میانەی هەڵمەتەکەیدا شۆبرا بەشداریی کرد لە بەرنامەی بەیانی باش ئەمریکا (GMA) کە یەکێکە لە بەناوبانگترین بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی ئەمریکا، بەڵام لە کاتی پێشکەشکردنی بەرنامەکە هەستی بە شەرمەزارییەکی زۆر کرد کاتێك یەکێك لە ئامادە بوون پێی راگەیاند کە مادۆ شۆبرای دایکی لە نێو جەماوەری ئامادەبووی بەرنامەکە دانیشتووە.

کاتێك بریانکا ئەمەی بیست بە پێکەنینەوە وتی: ئەمە سوپرایزێکی گەورە و خۆشە بۆ من، چونکە بە هیچ شێوەیەك چاوەڕێم نەدەکرد دایکم لێرە ئامادە بێت. من زۆر خۆشحاڵم بە ئامادەبوونی دایکم و هاندان و پاڵپشتیی بەردەوامی بۆ کارەکانم.

لەم زنجیرە ئەمریکییە نوێیەدا کە لە کۆتایی مانگی رابردوودا لەسەر هەردوو تۆڕی ABC و CTV. نمایش کراوە، بریانکا رۆڵی پاڵەوان دەبینێت کە بریتییە لە رۆڵی ئەلیکش باریش کە یەکێکە لە مەشقپێدراوە نوێیەکانی بنکەی سەربازی کوانتیکۆ و بۆ بەرژەوەندی نووسینگەی لێکۆڵینەوە فیدراڵی (FBI) کار دەکات.



# شاكيرا داوای چی لە سەركردەكانی جیهان كرد؟

نەتەوەیەكگرتووەكان لە بەرنامەی تایبەتییەكانی خۆیدا هەوڵ دەدات سوود لە ناوبانگی كەسایەتییە ناودارەكانی جیهانی لە بوارە جیاجیاكان وەربگرێت بۆ ئەوەی لە پروپاگەندەكانی خۆیدا بەكاریان بهێنێت، زۆرجاریش كەسێكی ناودار بە باڵیۆزی خۆی دادەنێت لە بوارێكدا، بەتایبەتی لە هەڵمەتەكانی بۆ كۆكردنەوەی یارمەتی و كۆمەك بۆ ناوچە جیاجیاكانی جیهان جا بەشێوەی هەمیشەیی بێت، یاخود لە كاتی ڕوودانی كارەساتی سروشتی، یان جەنگ و ئاوارەبوونی هاووڵاتیان بێت، بۆیە ژمارەیەكی زۆر لە ئەكتەر و گۆرانیبێژە ناودارەكانی جیهان ئەوانەی خاوەن جەماوەری زۆرن ئێستا نوێنەری نەتەوەیەكگرتووەكانن لە بواری جیاجیادا.
شاكیرای گۆرانیبێژی ناسراو باڵیۆزی نیازپاكیی ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانە بۆ منداڵان (یونسیف)، شاكیرا لە پەیامێكدا داوای لە سەركردە و گەلانی جیهان كرد كە دەستی یارمەتی بۆ منداڵە سوورییەكان درێژ بكەن ئەوانەی وەك پەنابەر كۆچیان كردووە بۆ وڵاتانی ئەوروپا.
شاكیرا لە كۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووسیدا كە لە نیۆیۆرك بەسترا دەربارەی سەرمایەداری لە سەر منداڵان وەك ئاماژەیەك بۆ كۆچی ئێستای سوورییەكان وتی: منداڵانی سووریا شایەنی ئەو بارودۆخە نین كە ئێستا تێیدا گوزەر دەكەن، من دەزانم دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ ئەم كێشەیە زۆر زەحمەتە، بەڵام هیوام زۆرە كە وڵاتانی جیهان بتوانن چارەسەرێكی ئەم جۆرە كێشانە بكەن، چونكە زۆر پێویستە بەتایبەتی لەم ساتە وەختەدا.



# كامیرۆن و ئۆپێرا ڕقیان لە دایكایەتییە

زۆر لە ئەكتەرە جیهانییەكان لە دایكایەتی بێبەشن. هەندێكیان پێیانوایە تەمەن ڕێگرە و ئیدی فریای شەمەندەفەڕەكە ناكەون و لێی بەجێماون، هەندێكی دیكەشیان كە دەتوانن فریای شەمەندەفەڕەكە بكەون، بەڵام حەز لە ژیانێكی ئازاد و بێ لە بەرپرسیارییەتی دەكەن، لە هەردوو حاڵەتیشدا بێبەش بوونە لە دایكایەتی و پەشیمانیش نین.
ئۆپێرا وینفری كە تا ئێستا شووی نەكردووە، هەرچەندە لە پەیوەندییەكی بەردەوامدایە لەگەڵ بێزنسمانێك لە ساڵی ١٩٨٦ـەوە، بەڵام ڕایگەیاندووە كە پەشیمان نییە لەوەی كە تا ئێستا نەبووەتە دایك، چونكە ناتوانێت كاتی خۆی لە نێوان كاروباری خێزانی و كاری ڕاگەیاندن ڕێك بخات و پێیوایە ئەگەر منداڵی هەبێت ڕقیان لێی دەبێتەوە.
هەروەها كامیرۆن دیازی ئەستێرەی سینەمایی كە تەمەنی ٤٠ ساڵی تێپەڕاندووە دەڵێ: «من هیچ كاتێك نیازم نەبووە منداڵم هەبێت و بیرم لەوە نەكردۆتەوە كە خۆم بە دایك ببینم، پێموایە ئافرەت لە تەمەنی ٤٠ ساڵی بە تەواوی پێدەگات بە جۆرێك كە گرنگی بە ڕای پیاوان نادەن». كامیرۆن زیاتر دەڵێ: «دایكایەتی بەرپرسیاریەتییەكی زۆر زەحمەتە بەتایبەتی ئەگەر لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا بی، بۆ من نەبوونی منداڵ ژیان ئاسان دەكات و هیچ كاتێك نەمویستووە كە ببم بە دایك، بەڵام جنیڤەر ئەنیستۆن كە ئەویش منداڵی نییە دەڵێ: بیرم لە دایكایەتی كردۆتەوە، بەڵام هونەر ئەو دەرفەتەی پێنەدام و لەو خەونەی دوورخستمەوە و ئێستاش بە تەواوی بیری لێدەكەمەوە و دوور نییە هەوڵیشی بۆ بدەم.»



## کتێبخانەی گەڕۆک

# سامانێکی رۆشنبیری تینوێتی خەڵکی هەمەجۆر دەشکێنێت

**یەك لە کتێبخانە گرنگەکانی جیهان کتێبخانەی گەڕۆکە، کە بەهەرشێوەیەك بێت کتێب دەگەیەنێتە خەڵکی جیاواز لە تەمەن و رەگەزو ئاستی رۆشنبیریدا، بەداخەوە لە کوردستاندا ئەم چەشنە کتێبخانەیە بوونێکی ئەوتۆی نییەو تا ئێستا لە توانای کتێبخانە گشتییەکاندا نییە ئەم خزمەتگوزارییە بایەخدارە پێشکەش بە سوودمەندان بکەن. بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی (البیان)، بایەخی ئەم جۆرە کتێبخانانە روونکراوەتەوە، لێرەدا مشتێك لە خەرواری زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیە دەخەینە بەرچاوی خوێنەرو کارمەندانی کتێبخانەکان...**

**ئا. یاسین قادر بەرزنجی**

• سەرەتاکانی ئەم خزمەتگوزارییە دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە (١٥٠) ساڵ لەمەوبەر، ئەو دەمەی دامەزراوەی (ورینگتون) یەکەم ئەزموونی لەو بوارەدا نواندو کتێبی لە گالیسکە ناو بەهۆی راکێشانی ئەسپەوە، (کتێبخانەی گەڕۆك) یان بە گەلێ جێگای دووردەست ئاشنا کرد. پاشان خزمەتگوزارییەکە لە بەریتانیاو ئەمریکا گەشەی کردو دواتریش لە ئەوروپا، هەروەها لە هیندستان بەهۆی یۆنسکۆوە ئەو کتێبخانەیە دەرکەوت.

• سەرەتا کتێب بەهۆی وڵاخ و گالیسکەوە گوێزراونەوە بۆ ناوچە دوورو بێ بەشەکان لە کتێب و رۆشنبیریی، یان بەهۆی بەلەمەوە، دواتر بەهۆی ماشێن و ئۆتۆمبێلەوە، فەرەنسا یەك لەو وڵاتانەیە کە بایەخێکی زۆری داوە بەو جۆرە کتێبخانەیە و لەساڵی (١٩١٩) بە دواوە کتێبی گەیاندوەتە ناوچەی دوورو خاوەن دانیشتووانی کەمتر لە دوو هەزار کەس، هەرچۆن کتێبخانەی گەڕۆك لەوڵاتانی دیکەی وەك نەمساو بەلجیکاو یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو دەرکەوتوون.

لە ئەفریقاش، هەر لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە ئەم کتێبخانەیە وەك چەکێك بەرامبەر نەخوێندەواریی بەکار هێنراوە، ساڵی ١٩٢٥ یشلەلایەن کتێبخانەی بەناوبانگی نیویۆرکەوە کتێبخانەی گەڕۆك گەیەنراوەتە نێو باخچەی گوندە دوورەکان.

• لە فەرەنسا (شەمەندەفەری رۆشنبیریی) داهاتووەو لەیەك فارگۆنی پڕ لە کتێبدا، خزمەتگوزاریی پێشکەش بە زیاتر لە (٢٠) هەزار کارمەندی هێڵەکانی ئاسنین و خێزانەکانیان کراوە.

• دروشمی ئەم جۆرەی کتێبخانە ئەوەبووە (گەر نەتوانن بگەنە کتێبخانە، ئەوا کتێبخانە دەگەنە لای ئەوان)، بەپێی ئەزموونی ئەو وڵاتانە بێجگە لە بەسەربردنی خەڵکی گوندو ناوچە دوورەکان لە کتێبخانەوە، بەخوێندنەوەو چێژ وەرگرتن لەو خوێندنەوەیە، سەرچاوەکان بوونەتە مایەی زانیاریی پەیدا کردن بۆیانو بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمیان و باشبوونی تەندروستییان.

• لە ئێستادا ئۆتۆمبێلی بچووك و گەورەی تایبەت بە کتێبخانەی گەڕۆك، بەپێی تایبەتمەندیی لە دروستکردنیانو نمایشکردنی کتێبەکانیاندا بەباشترین شێوە ئەو خزمەتگوزارییە جێ بەجێ دەکەنو خەڵکێکی یەکجار زۆر لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا تینوێتی خۆیان بە خوێندنەوەی سەرچاوە سوودبەخشەکان دەشکێنن.

**سەرچاوە: البیان الأماراتي**
**٢٠١٥/٧/٢٤**











کچێک کتێبخانەیەکی گەڕۆکی لە کۆل ناوە
بەریتانیا ١٩٤٠


پێشانگایەکی گەڕۆک لەشەقامێکی مۆسکۆ/ ١٩٦٠

